# وەقایعی كوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی كوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەكات

ژمارە (٢٦٥)سالی بیست ویەكەم ٦/ ئایار/٢٠٢١/ زاینیی ١٦/ گولان/ ٢٧٢١/ كوردی ٢٤/رەمەزان/ ١٤٤٢ كۆچی

265


## لەم ژمارەیەدا:


فەرمانی هەرێمی ژمارە (١٠٩) سالی ٢٠٢١ — ل ١
تایبەت بە دروشمی سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان

بریاری ژمارە (٣)ی سالی ٢٠٢١ پەرلەمانی كوردستان — ل ٣
دەست لەكاركێشانەوە و زیادكردنی چەند ئەندامانێكی پەرلەمان لە لیژنە هەمیشەییەكان

رێنمایی ژمارە (٣)ی سالی ٢٠٢١ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران / ئەنجومەنی بالای وەبەرهێنان — ل ٤
رێنمایی تایبەت بە تەرخانكردنی زەوی بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان

رێنمایی ژمارە (٣)ی سالی ٢٠٢١وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوان — ل ٦
رێنمایی دیاریكردنی مافی بەركەوتووی چەكی كیمیاوی

رێنمایی ژمارە (٤)ی سالی ٢٠٢١وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوان — ل ٨
رێنمایی جێبەجێكردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەكانی جینۆساید ژمارە(٩)ی سالی ٢٠١٥

رێنمایی ژمارە (٥)ی سالی ٢٠٢١وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوان — ل ٩
رێنمایی گواستنەوەی دۆسیەی شەهیدانی هێزەكانی(پێشمەرگە، هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ،ئاسایش، دژەتیرۆر) بۆ وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان

رێنمایی ژمارە (٥)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ — ل ١١
رێنمایی كاری موختار

رێنمایی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٢١وەزارەتی تەندروستی — ل ١٤
رێنمایی سیستەمی لەبری نۆرینگە (بدل عیادات)

رێنمایی ژمارە(١)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی كشتوكال و سەرچاوەكانی ئاو — ل ١٩
هەمواركردنی رێنمایی دامەزراندن ومۆلەت پێدانی پرۆژەكانی سامانی ماسی ژمارە (١)ی سالی ٢٠١٣

فەرمانی ژمارە (٢)ی سالی ٢٠٢١ پەرلەمانی كوردستان — ل ٢٠
هە لبژاردنی بریاردەی لیژنەی ( كاروباری پەرلەمان و سكالا)

بەیانی ژمارە (٣)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەلایەتی — ل ٢٠

بەیانی ژمارە (١٦)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ — ل ٢١
تایبەت بە پشكنینی تانكی غازی شل LPG

بەیانی ژمارە (٢)ی سالی ٢٠٢١وەزارەتی دارایی و ئابووری — ل ٢٢

بەیانی ژمارە (٩ — ١٠ — ١١ — ١٢- ١٣)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی تەندروستی — ل ٢٢



ناونیشان: هەولێر - چوار ریانی فرنسۆ میتران بالەخانەی وەزارەتی داد.
☎: (٢٢٤٥٥٠٠٨-٢٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٠٧-٢٢٤٥٥٠١٤)

نرخی ١٥٠٠ دینارە

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٦٥) السنة واحد و عشرون ٦/ أيار / ٢٠٢١ ميلادي ١٦/ گولان/٢٧٢١/كوردي ٢٤/ رمضان /١٤٤٢ هجري

265

## في هذا العدد:


| | |
|---|---|
| قرار رقم (٣) لسنة ٢٠٢١ برلمان كوردستان | ص ٢٣ |
| أمر رقم (٢) لسنة ٢٠٢١ برلمان كوردستان | ص ٢٤ |
| **فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط** | |
| مرسوم أقليم رقم (١٠٩) لسنة ٢٠٢١ | ص ١ |
| تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢١ رئاسة مجلس الوزراء | ص ٤ |
| تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢١ وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين | ص ٦ |
| تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠٢١ وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين | ص ٨ |
| تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢١ وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين | ص ٩ |
| تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢١ وزارة الداخلية | ص ١١ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢١ وزارة الصحة | ص ١٤ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢١ وزارة الزراعة و الموارد المائية | ص ١٩ |
| بيان رقم (٣) لسنة ٢٠٢١ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ص ٢٠ |
| بيان رقم (١٦) لسنة ٢٠٢١ وزارة الداخلية | ص ٢١ |
| بيان رقم (٢)لسنة ٢٠٢١ وزارة المالية و الاقتصاد | ص ٢٢ |
| بيان رقم ( ٩ - ١٠ - ١١ — ١٢ - ١٣ ) لسنة ٢٠٢١ وزارة الصحة | ص ٢٢ |


No. 265 Date: May , 6 , 2021 Vol.: 21

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
(٢٢٤٥٥٠١٤-٢٢٤٥٥٠٠٧-٢٢٤٥٥٠٠٨-٢٦٤٨٩٨٩)

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

سعر ١٥٠٠ دينار

چاپخانەی شەهاب هەولێر

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**فەرمانی هەرێمی**
**ژمارە (١٠٩) ساڵی ٢٠٢١**

پاڵپشت بە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو، بڕیارمان دا بەپەسەندكردنی دروشمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم:** دروشمی سەرۆکایەتیی هەرێم بەپێی ئەم فەرمانە نوێ دەكرێتەوە.

**دووەم:** دروشمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان نیشانە و هێمای فەرمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانە.

**سێیەم:** دروشمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بریتییە لە هەڵۆیەکی باڵبڵاوی زێڕین لە ناو بازنەیەک رووەکەی ئاڵای کوردستانە، و نووسینی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بەم شێوەیە (سەرۆکایەتیی هەرێم کوردستان، رئاسة إقليم كوردستان، Kurdistan Region Presidency).

**چوارەم:** گرافیک و نەخش و رەنگەکانی دروشمەکە وەک لە وێنەی هاوپێچدا هاتوون بەشێکی جیانەکراوەی ئەم فەرمانەن.

**پێنجەم:**

١ـ دروشمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان تەنها لەسەر بڕیار و فەرمان و رێنمایی و هەر نووسراو و بڵاوكراوە و تۆمارێکی فەرمی تری سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەکاردەهێندرێت.

٢ـ دروشمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەشێوەی تابلۆ لە کاتی ئەو بۆنە و کۆبوونەوە و کۆنفرانسە فەرمییانە هەڵدەواسرێ کە لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمەوە بەڕێوەدەچن و سەرۆکی هەرێم تیایاندا ئامادە دەبێت.

٣ـ دروشمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، بەبێ پێشینەی رەزامەندی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، نابێت لەلایەن هیچ کەس و لایەن و کۆمپانیایەکەوە دروست بکرێت یان هەڵواسرێت یان بۆ مەبەستی بازرگانی چاپ و بڵاوبکرێتەوە یان بەکاربهێندرێت بۆ هەر مەبەستێکی تر.

**شەشەم:** فەرمانی دروشمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (٩٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ هەڵدەوەشێتەوە.

**حەوتەم:** ئەم فەرمانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر: ٢/٥/ ٢٠٢١**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٣**
**مێژووی بڕیار:٢٠٢١/٤/٢١**

**بڕیاری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

پشت بە حوکمی بڕگەی (دووەم ، چوارەم ، پێنجەم) لە ماددەی (٢٨) و ماددەی (٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٩)ی خولی هەڵبژاردنی پێنجەم لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/٢١ بەسترا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

**یەکەم** : قبوولکردنی دەست لەکارکێشانەوەی ئەم ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کە ناویان لە خوارەوەدا هاتووە ، لەو لیژنانەی خوارەوە :

١- (زانا خالد سمایل) لە ئەندامیەتی لیژنەی (کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ)
٢- (گڵستان باقی سلێمان) لە ئەندامیەتی لیژنەی (کشتوکاڵ و ئاودێری)
٣-(ابوبکر عمر عبدالله) لە ئەندامیەتی لیژنەی (پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی)
٤- (سەرچنار احمد محمود) لەئەندامیەتی لیژنەی (شارەوانی وگواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار)
٥- (هلز احمد محمد) لە ئەندامیەتی لیژنەی (کشتوکاڵ و ئاودێری)

**دووەم** : زیادکردنی ئەم ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کە ناویان لە خوارەوەدا هاتووە ، لەو لیژنانەی خوارەوە:

١- (هەڵکەوت انور خلیفە) بۆ سەر هەردوو لیژنەی (کشتوکاڵ و ئاودێری) و (دەسپاکی)
٢- (گوڵستان باقی سلێمان) بۆ سەر لیژنەی (کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ)
٣- (صباح محمود محمد) بۆ سەر لیژنەی (دەسپاکی)
٤- (هلز احمد محمد) بۆ سەر لیژنەی (پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی)
٥- (ابوبکر عمر عبدالله) بۆ سەر لیژنەی (شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار)

**سێیەم** : ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ٢٠٢١/٤/٢١ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**د. ڕێواز فایق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان**
**ژمارە: ١٢٥ لە ٢٠٢١/٥/٥**

## ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١

## ڕێنمایی تەرخانکردنی زەوی بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنان

پشت بەست بەماددەی (بیست و سێیەم) لە یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦، ئەم ڕێنماییە خوارەوەمان دەرکرد:

**ماددەی (١):**

پێویستە وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان بەپێی پلانی ساڵانە دەستەی وەبەرهێنان پاڵپشت بە ماددەی (چوارەم) لە یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦، هەڵبستن بە دابینکردنی زەوی پێویست لە موڵکی تەواوی خۆیان بە ڕووبەر و بەکارهێنانی گونجاو بۆ دەستەی وەبەرهێنان بۆ مەبەستی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بە پێی نەخشەی وەبەرهێنان و سێکتەر و جۆری بەکارهێنانی پڕۆژەکان لەماوەی (٣٠) سی تاکو (٩٠) نەوەت ڕۆژ لە دوای جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٢):**

ئەو زەویانەی تەرخان دەکرێت بەپێی ماددەی(١) لەم ڕێنماییە پێویستە وێنەی تۆماری سەربەخۆیان هەبێت و کێشەی خاوەنداریەتی یان مافی ڕەفتارکردن و کێشەی یاسایی لەسەر نەبێت بەپێی ڕێنماییەکانی تەرخانکردنی زەوی تایبەتمەندی پڕۆژە.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** ئەو زەویانەی کە لەلایەن وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان دیاریکراون و دەکەونە ناو ماستەر پلانی شار و شارۆچکەکان پێویستە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی پارێزگاکان ڕای پلانسازی لەسەر بدرێت.

**دووەم:** ئەو زەویانەی دەکەونە ناو محرەماتی ماستەر پلان کە لە ئایندە بۆ مەبەستی فراوانکردنی ماستەرپلانی شارەکان داندراون، لەکاتی تەرخانکردنیان پێویستە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی ڕای پلانسازی لەسەربدرێت.

**سێیەم:** ئەو زەویانەی دەکەونە دەرەوەی ماستەرپلانی شارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت:

١- زەوی کشتوکاڵی بۆ مەبەستی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری تەرخان دەکرێت بە ڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ، وە لەکاتی دابین کردنی زەوی کشتوکاڵی بۆ هەر سێکتەر و پڕۆژەیەکی تر پێویستی بەڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان دەبێت .

٢- ئەو وەبەرهێـنـەرەی کە مـافی ڕەفتـارکردنی هەیە (خـاوەن زەویە یـاخوت گرێبەسـتی زەوی کشـتوکاڵی هەیە) لەسـەر زەویەکە هـیچ قەرەبـویەک نـایگرێتەوە ئەگەر هـاتوو زەویەکەی بـۆ تەرخانکرا بۆ پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان.

٣-لەکاتی تەرخانی زەوی بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنان بۆ قەرەبووکردنی زەوییەکە، ئەولەوییەت دەدرێـتە ئەو وەبەرهێـنەرەی کە قەرەبـووەکە لە ئەسـتۆی خـۆی دەگرێـت دوای ئەوەی هەمـوو ڕێکارەکـانی ڕەزامەندی پڕۆژەکەی پەسەند کرابێت.

**ماددەی (٤):**

دەستەی وەبەرهێنان پاش دەستنیشـانکردنی زەویەکە کـاری پێویسـت ئەنجـام دەدات بـۆ پڕۆمۆشـن (ترویج) کردن بۆ ئەو پـڕۆژانەی کە مەبەسـتە زەویـان بـۆ ئامـادە بکرێـت بـۆ مەبەسـتی هەڵبژاردنـی باشترین وەبەرهێنەر بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە.

**ماددەی (٥):**

دوای ئەوەی ڕێکاری تەرخانکردن و دەستنیشانکردنی زەوی بۆ پڕۆژەکان گشت قۆناغەکان بەپێ یاسا و ڕێنماییەکان دەبڕێت ومۆڵەتی وەبەرهێنان دەبەخشرێت بە پڕۆژەکە وەك پڕۆژەیەکـی وەبەرهێنـان زەوی تەرخانکراو تۆمار دەکرێت بە ناوی دەستەی وەبەرهێنان.

**ماددەی (٦):**

دەبێـت ڕووبەری تەرخـانکراوی پێویسـت بـۆ پڕۆژەکـان بەپێـی ئەو ڕێنماییـانە بێـت کە لە لایەنە پەیوەندیدارەکان جێبەجێ دەکرێـت سـەبارەت بە ڕووبەری پێویسـت بـۆ هەر پـڕۆژەیەك بە گـوێرەی ستانداردی کار پێکراو بێت و پێویستە گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێنمایەکانی تایبەت بە دیاریکردنی ڕووبەر بۆ پڕۆژەکان نوێ بکەنەوە دەستبەجێ دوای جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٧):**کار بە هیچ ڕێنماییەك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**مـاددەی (٨):** پێویسـتە دەسـتەی وەبەرهێنـان و لایەنە پەیوەندیـدارەکان حوکمەکـانی ئەم ڕێنمـاییە جێبەجێ بکەن.

**مـاددەی (٩):**تەواوی داهـاتی وەرگیـراو بە پێـی حوکمەکـانی ئەم ڕێنمـایە لە سـندوقێکی تـایبەت دادەنرێت، کەلەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیارێك ڕێکدەخرێت.

**مـاددەی (١٠):**ئەم ڕێنمـاییە لە ڕێکەوتـی بڵاوکـردنەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) جێبەجێ دەکرێت.

**مسـرور بـارزانـی**

**سـەرۆکی ئەنجومەنی بـاڵای وەبەرهێنان**

**وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان**
**ژمارە:١٠٢٧ لە ٢٩/٤/ ٢٠٢١**

پاڵپشت بەبڕگەی (شەشەم) لە ماددەی(٢)ی پەیڕەوی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٢٠، و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیرانی دارایی و ئابووری و تەندروستی، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

## ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١
## ڕێنمایی دیاریکردنی مافی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی

**ماددەی(١):**
بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی هەر کەسێکە کە لە ئەنجامی تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن ڕژێمە داپڵۆسێنەرە یەک لەدوای یەکەکان لە کوردستان، زیانی جەستەیی بەرکەوتبێت و کاریگەریەکانی بەردەوامبێت.
**ماددەی(٢):**
لیژنەی پزیشکی پسپۆر کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە پێکدەهێنرێت بۆ پشکنینی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی، کاریگەری و ڕێژەی بەرکەوتەییەکەی دیاری دەکات.
**ماددەی(٣):**
بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی بۆ تۆمارکردنی، داوایەک لە بەرێوەبەرایەتیە گشتییەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان پێشکەش دەکات و دوای ڕێکخستنی دۆسیەکەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانەوە ئاراستەی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەکرێت بۆ پەسەندکردن و ناردنی بۆ لیژنەی پزیشکی.
**ماددەی(٤):**
هەرکەسێک ڕێژەی بەرکەوتەییەکەی لە (٤٠%) و زیاتربێت و لەلایەن وەزارەتی تەندروستی پشتراستکرابێتەوە، بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری چارەسەری تەندروستی بێبەرامبەر لە نەخۆشخانە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان دەفتەرێکی چارەسەری بۆ دروستدەکرێت.
**ماددەی(٥):**
ئەوانەی کە ماددەی(٤)ی ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە پاش پەسەندکردنیان لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بە فەرمانی وەزاری لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان مینحەیەکی مانگانەیان پێدەدرێت بەپێی ڕێژەی بەرکەوتەییەکەیان بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی کە ڕێژەی بەرکەوتەییەکەی لە(٤٠%) تا ( ٦٠ %)بێت، مینحەیەکی مانگانەی بە بڕی (٢٥٠,٠٠٠)دووسەد و پەنجا هەزار دینار بۆ دیاری دەکرێت.

**دووەم:** بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی کە ڕێژەی بەرکەوتەییەکەی لە (٦٠%)و زیاتر بێت مینحەیەکی مانگانەی بە بڕی (٤٠٠,٠٠٠)چوارسەد هەزار دینار بۆ دیاری دەکرێت.

**ماددەی(٦):**

مینحەی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی بەو بەرکەوتووانە دەدرێت کە هیچ مووچە و مینحەیەکی تریان نیە، جگە لە ئیمتیازاتە داراییەکانی میراتگرانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانی و گیراوی سیاسی و سوودمەندان بەپێی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠١٥ ( یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان-عێراق).

**ماددەی(٧):**

مینحەی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی تایبەتە بەوانەی ماددەی (٤)ی ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە و لە کاتی کۆچی دواییان بۆ پاشەنشینەکانیان(وارسەکانیان) ناگوازرێتەوە.

**ماددەی(٨):**

کار بەهیچ ڕێنماییەک ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی(٩):**

ئەم ڕێنماییە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)جێبەجێدەکرێت.

**عبداللـه حاجی محمود**
**وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**

**وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان**

**ژمارە:١٠٢٨ لە ٢٩/٤/ ٢٠٢١**

پاڵپشت بەماددەی(٥) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠١٥، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :

## ڕێنمایی ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٢١
## ڕێنمایی جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠١٥

**ماددەی(١):**

تاقانەی جینۆساید ئەو کەسەیە لە کاتی ڕوودانی تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلی کوردستان، پاش شەهیدکردنی سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی بە تەنها رزگاری بوویێت.

**ماددەی(٢):**

مەبەست لە ئەندامانی خێزان لە ماددەی(١)ی ئەم ڕێنماییە، ئەمانەی خوارەوەیە:

**یەکەم:** ئەندامانی خێزانی تاقانەی ڕەبەن بریتیە لە(دایک،باوک،خوشک،برا).

**دووەم:** ئەندامانی خێزانی تاقانەی خێزاندار بریتیە لە(هاوسەر و منداڵەکانی).

**ماددەی(٣):**

ئەو تاقانانەی پێش جێبەجێکردنی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠١٥ کۆچی دواییان کردووە و دوای پشتراستکردنەوەی تاقانەییان بە شەهیدی جینۆساید تۆمار دەکرێن.

**ماددەی(٤):**

تاقانەی جینۆساید سوودمەند دەبێت لە:

**یەکەم:** سەرجەم ماف و ئیمتیازاتەکانی کچ و کوڕی شەهیدی جینۆساید، کە لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەمواركراو دەقنووس کراون.

**دووەم:** دروستکردنی ناسنامەیەکی تایبەت.

**سێیەم:** مەدالیای ڕێزلێنانیان پێ دەبەخشرێت.

**چوارەم:** پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بواری تەندروستی دەروونی.

**ماددەی(٥):**

کار بە هیچ ڕێنماییەک ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی(٦):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)جێبەجێدەکرێت.

**عبداللـه حاجی محمود**

**وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**

**وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان**

**ژمارە:١٠٢٩ لە ٢٩/٤/ ٢٠٢١**

پاڵپشت بە بڕگەی(چوارەم)لە ماددەی(٣)ی پەیڕەوی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٢٠، و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیرە پەیوەندیدارەکان، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی گواستنەوەی دۆسیەی شەهیدانی هێزەکانی( پێشمەرگە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ،ئاسایش، دژەتیرۆر) بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**

**ماددەی(١):**

پێش گواستنەوەی دۆسیەی شەهیدانی هێزەکانی(پێشمەرگە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، ئاسایش، دژەتیرۆر) بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، پێویستە بەپێی یاسای چاکسازی پێداچوونەوە و ووردبینی بۆ سەرجەم دۆسیەکان بکرێت.

**ماددەی(٢):**

وەزارەتەکانی(پێشمەرگە و ناوخۆ) و دەزگاکانی(ئاسایش و دژەتیرۆر)بەرپرسیارن لە دروستی ئەو دۆسیانەی کە دەگوازرێنەوە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

**ماددەی(٣):**

پێویستە هەر دۆسیەیەک لەلایەن وەزیر و لایەنی پەیوەندیدار بە فەرمانێکی وەزاری پشتراستی شەهید بوونی کرابێتەوە.

**ماددەی(٤):**

هەردۆسیەیەک کە دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان وردبینی بۆ دەکرێت و پێویستە (ڕاپۆرتی پزیشکی داد، کۆنووسی لیژنەی لێکۆڵینەوە،بڕوانامەی مردن،بڕوانامەی دواموچە، صورەت قەید)ی لەگەڵدابێت.

**ماددەی(٥):**

ئەو شەهیدانەی کە دۆسیەکانیان دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە لیست ناوەکانیان بەرزدەکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پاش پەسەندکردنیان، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان فەرمانی وەزاریان بۆ دەردەکات.

**ماددەی(٦):**

شەهیدی پێشمەرگە و خەباتگێڕ بەپێی یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێمی کوردستان-عێراق) ژمارە(٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ دۆسیەکەی دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان وەک شەهید تۆمار دەکرێت و وارسەکانیان بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو سوودمەند دەبن.

**ماددەی(٧):**

شـــــەهیدی كەمئەنـــــدامانی پێشـــــمەرگە بەپێـــــی یاســـــای خانەنشـــــینی كەمئەنـــــدامانی پێشمەرگە(زێرەڤانی)هەرێمی كوردستان-عێراق ژمارە(٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ دۆسیەكەی دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی كاروباری شـەهیدان و ئەنفـالكراوان، وەک شـەهید تۆمـار دەكرێـت و وارسـەكانیان بەپێـی یاسای ماف و ئیمتیازاتی كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان لە هەرێمی كوردستان-عێراق ژمـارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەمواركراو سوودمەند دەبن.

**ماددەی(٨):**

شـەهیدی هێزەكـانی پێشـمەرگە بەپێـی یاسـای ڕاژە و خانەنشـینی پێشـمەرگە(زێرەڤـانی)هەرێمـی كوردستان-عێراق ژمارە(٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧، لەدوای گواستنەوەی دۆسـیەكەی بـۆ وەزارەتـی كاروبـاری شەهیدان و ئەنفالكراوان وەک شەهید تۆمار دەكرێت و وارسەكانیان بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەمواركراو سوودمەند دەبن.

**ماددەی(٩):**

شەهیدی هێزەكانی(ئاسایشی ناوخۆ و ئاسایش و دژەتیـرۆر) بەپێـی یاسـای ژمـارە (١٥)ی سـاڵی ٢٠١١ یاسای جێبەجێكردنی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەكانی ناوخۆی عێـراق ژمـارە(١٨)ی سـاڵی ٢٠١١ لە هەرێمی كوردستان دوای گواستنەوەی دۆسیەكەی وەک شەهید تۆمار دەكرێت و وارسەكانیان بەپێی یاسـای ڕاژە و خانەنشـینی هێزەكـانی نـاوخۆی عێـراق ژمـارە(١٨)ی سـاڵی ٢٠١١ی بەركـار لە هەرێمـی كوردستان سوودمەند دەبن.

**ماددەی(١٠):**

ئەو پێشـمەرگە خانەنشـینانەی لەسـەر داوای دەسـەڵاتە فەرمییەكـان لە هەرێمـی كوردسـتان دەچـنە بەرەكانی بەرگری لە خـاک و گەلـی كوردسـتان و شـەهید دەبـن دوای گواسـتنەوەی دۆسـیەكانیان بـۆ وەزارەتـی كاروبـاری شـەهیدان و ئەنفـالكراوان وەک شـەهید تۆمـار دەكـرێن و وارسـەكانیان بەپێـی یاسای خانەنشینی بەركار لە هەرێمی كوردستان سوودمەند دەبن.

**ماددەی(١١):**

دوای گواسـتنەوەی دۆسـیەی شـەهید، پـلە بەرزكـردنەوە و راسـتكردنەوە و گـۆڕینی پـلەی سـەربازی شەهید ئەنجام نادرێت.

**ماددەی(١٢):**

كار بەهیچ ڕێنماییەک ناكرێت كە ناكۆک بێت لەگەڵ حوكمەكانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی(١٣):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان)جێبەجێدەكرێت.

**عبداللـه حاجی محمود**

**وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٨١٣٧ لە ٢٠/ ٤ / ٢٠٢١**

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی کاری موختار**

**ماددەی (١):**

مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنی کاروباری موختارەکانی گەڕەکەکان و گوندەکان و شارەکانی هەرێمی کوردستانە و دیاری کردنی ماف و ئەرکەکانی موختار بەرامبەر بەو هاوڵاتیانەی کە نیشتەجێی ئەم گەڕەکە یان گوندن کە موختارەکە کاری تیادا دەکات و بۆ مەبەستی بوونی شەرعیەتی یاسایی بۆ ئەو مامەڵانەی پێویستی بە پشتگیری موختار هەیە .

**ماددەی (٢):**

١- بۆ هەرگەڕەکێک لە سنووری شارەوانی و هەر گوندێک یەک موختار دەست نیشان دەکرێت .

٢- هەڵبژاردنی موختار و ڕاسپاردنی بۆ کارەکەی لەڕێگای پێشکەش کردنی داواکارییەکی ڕاستەوخۆ و (CV) و بەپێی لێهاتوویی مەرجەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە دەبێت بۆ پارێزگا یان یەکەی کارگێری سنووری کارەکەی و لەڕێگای لیژنەیەکی تایبەتەوە کە پێکهێنرابێت بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە و دامەزراندنی بە بڕیارێک لەلایەن پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان و پێشی دامەزراندنی بنێردرێت بۆ سیستەمی بایۆمەتری بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی هیچ مووچەیەکی دیکە .

٣- **گوند** هەژمار دەکرێت بۆمەبەستی ئەم ڕێنماییە کەوا بریتییە لە کۆمەڵە ماڵێک.

٤- **گەڕەگ**: گەرەکی سنووری شارەوانی و پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون .

**مەرجەکانی کاندیدکردن بۆ موختار**

**ماددەی (٣):**

١- هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت و لەدایک و باوکێکی عێراقی بێت و دانیشتووی ئەو **(گەڕەک)**یان **(گوند)** بێ کە تیایدا دەبێتە موختار .

٢- کەسێکی شیانی یاسایی (اهیلة قانونیة)هەبێت.

٣- تەمەنی کەمتر نەبێت لە (٢٥)ساڵ لەکاتی پێشکەش کردنی داواکاری دامەزراندنی بە موختار .

٤- خاوەن خوڕەوشت و ناوبانگ و هەڵسوکەوتی بەرزو باش بێت .

٥- ئەگەر مووچەخۆریش بێت (فەرمانبەر و خانەنشینی کەرتی گشتی و تایبەتی یان هەر مووچەیەک یا پاداشتێکی هەبێت.) ئەوا بەڵێن بدات کە هیچ مووچە یان دەرماڵە یان پاداشتێکی دارایی وەرنەگرێت و داوای مووچەی موختاری نەکات.

٦- ئاستی خوێندەواری (نووسین و خوێندنەوە) بێت لەکاتی پێشکەشکردنی داواکاری بوون بە موختار و باشترە بڕوانامەیەکی خوێندنی هەبێت .

٧- هیچ کێشەیەکی تەندروستی و لەش و لاری نەبێت بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی پسپۆڕی پەسەندکراو
.
٨- تاوانبار نەکرابێت بە هیچ تاوانێکی ئابڕووبەرانە و حوکم نەدرابێت.
٩- لەسەر دەمی رژێمی لەناوچوو بەشداری لە تاوانەکانی دژ بە گەلی کوردستان نەکردبێت .
١٠-ماوەی کارکردنەکەی بۆ (٤)ساڵ بێت و مافی نوێ کردنەوەی ماوەکەی هەیە بۆ یەک جار .

**ئەرکەکانی موختار**

**ماددەی (٤):**

١- جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی کەوا بە موختار سپێردراوە لە یاسای (**اصول المحاكمات الجزائية العراقية**) ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١.
٢- پێویستە لە سەر موختار دوای ڕاسپاردنی وەکو موختار ئامارێکی وردی دانیشتوانی گەڕەک یان گوند ئەنجام بدات و زانیاریەکان لە تۆمارێکدا هەڵبگرێت بە شێوەی نهێنی .
٣- ئاگادار کردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار لە
أ- (هەر جموجۆڵ و کارێکی گوماناوی کە هەڕەشە لە بارودۆخی ئاسایشی هەرێمی کوردستان) بکات
ب- (زێدەڕۆیی لەسەر موڵک ومالّی گشتی) وە کارەنایاسایی و نامۆکان وەکو ئەو کارانەی کەوا دوورن لە ڕەوشتی باش و ڕەوشتی گشتی .
ج- هەست پێکردن و هەبوون و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە ترسناک و گواستراوەکان و میکرۆبییەکانی و ....هتد.
د- لەکاتی کۆچکردنی یەکجارەکی یان هاتنی یەکجارەکی هەر خێزانێکی نوێ بۆ گەڕەک یان گوند.
هـ- لەکاتی نیشتە جێ بوونی هەر خێزانێکی ئاوارەی غەیرە عێراقی .
٤- رێکخستنی پشتگیری نیشتەجێ بوون و بەڵگەنامە پێویستەکان و پەسەندکردنی لە سنوری کارەکەی .
٥- پێویستە موختار ئەم تۆمارانەی لا هەبێت :
أ- تۆماری دانیشتوانی سنوری کارەکەی بە ژمارەی گەڕەک و کۆڵان و خانوو و کاری هەر ئەندامێکی هەر خێزانێک.
ب- تۆماری نیشتەجێبوونی نوێی خێزان لە سنوورەکەی و ئەو خێزانانەی کە لێوەی دەردەچن .
ج- تۆماری خێزانە بیانیەکان .
د- تۆماری لەدایک بووان و مردووان.
٦- پابەندبێت بە پاراستنی ئەخلاقیاتی پیشەکەی و دست وەرنەدان لەلایەنی سیاسی دانیشتوان و پاراستنی نهێنیەکان کە لەکاتی پەیڕەوکردنی کارەکانی دەستی دەکەوێت .
٧- هەر ئەرکێکی تر کە لەیاسا کارپێکراوەکان بۆی دیاری کراوە یان هەر ئەرکێک لەلایەن پارێزگاوە پێی دەسپێردرێت .

## مافەکانی موختار

**ماددەی (٥):**

١- خەرج کردنی دەرماڵەیەک یان پاداشتێکی مانگانە بە بڕی (**١٢٠ ٠٠٠**) سەد و بیست هەزار دینار لە بودجەی پارێزگا یان یەکەی کارگێری سنووری کارەکەی و دوای ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی وئابووری

٢- رێکخستن و دروست کردنی مۆری تایبەت بە پەسەندکردنی بەڵگەنامە یاساییەکان بۆ هەر موختارێک بەپێی نمونەیەک کە لەلایەن یەکەی کارگێری سنووری کارەکەی ئامادە بکرێت بە شێوەیەک کە نەتوانرێت ساختە یان لەبەر گرتنەوەی تیادا بکرێت.

٣- وەرگرتنی بڕی (**١٠٠٠**)هەزار دینار بۆ کرێی مۆری پەسەندکردنی بەڵگەنامەکان لەبەرامبەر کرێنی قرتاسیە (**بەرگوزار**)و فۆتۆکۆپی و ...هتد.

٤- ڕاسپاردنی موختاری نزیکترین گەڕەک یان گوند بەکاری موختار لەکاتی ئامادەنەبوونی موختاری ڕەسەن .

## کۆتایی هێنان بەکاری موختار

**ماددەی (٦):**

١- کاتی تەواو بوونی ماوەی ڕاسپاردنەکەی .

٢-مردنی یان نەخۆشکەوتنی لاکە بەهۆیەوە نەتوانێت کارەکانی جێبەجێ بکات بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی

٣-وازهێنانی بە ئارەزووی خۆی لە ڕێگای پێشکەش کردنی داواکارییەک بۆ یەکەی کارگێری سنووری کارەکەی

٤-بەجێ هێشتنی کارەکەی بەبێ هیچ هۆیەک بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژی بەردەوام .

٥-پابەندکردنی بە وازهێنانی کارەکەی:-

أ- مانەوەی لەکارەکەی زیان بە بەرژەوەندی گشتی بگەبەنێت بەپێی لێکۆڵینەوە و دەلیلی پێویست.

ب- دەرچوونی حوکمێک بەرامبەری لە بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانێکی ئابرووبەر و بەندکردن .

ت- موختار مامەڵەی راسپێردراو بە راژەی گشتی لەگەڵ دەکرێت لە کاتی سەرپێچیکردنی ئەرکەکانی.

**ماددەی (٧):**هەڵوەشاندنەوەی ڕێنمایی کاری موختارەکانی ساڵی ٢٠١٣ و هەموارەکانی.

**ماددەی (٨):**لەسەر هەموو پارێزگاکان و ئیدارەکان و یەکە کارگێرییەکانە ئەم ڕێنماییە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی (٩):**ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**ڕێبەر أحمد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی تەندروستی**
**ژمارە:٥٣٦٨ لە ٥/٤/ ٢٠٢١**

پاڵپشت بە ماددەی (حەوتەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنمایەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی سیستەمی لەبری نۆڕینگە (بدل عيادات)**

**ماددەی (١):** لەبری نۆڕینگە (بدل عیادە) سیستەمێکە لە (نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی شێرپەنجە و تالاسیمیا) و (نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن) جێبەجێ دەکرێت بۆ ئەو پزیشک و کارمەندە تەندروستیانەی نۆڕینگەی تایبەتی خۆیان نیە و لە هیچ نەخۆشخانە و سەنتەرێکی تایبەت کار ناکەن. وە لەدوای دەوامی فەرمی درێژە بە کارەکانیان دەدەن بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، لە بەرامبەردا دەرماڵەیەکی جێگیری مانگانەیان بۆ خەرج دەکرێت، بە ئامانجی باشتر خزمەتکردنی نەخۆشانی خوێن و شێرپەنجە و کەسانی تووشبوو بە ڕووداوی لەناکاوی جیاجیا.

**ماددەی (٢): ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەبێت بەسەر:**

١- پزیشکانی خاوەن پسپۆڕی لەنەخۆشیەکانی خوێن و شێرپەنجەی (گەورەساڵان و منداڵان) و چارەسەر بە تیشک و نەخۆشیە گوازراوەکان،پزیشکانی نیشتەجێی دێرین و شارەزا لەگشت پسپۆڕییەکانی سەرەوە پزیشکانی دەرمانساز لە نەخۆشخانەو سەنتەرەکانی خوێن و شێرپەنجە.

٢- پزیشکانی خاوەن پسپۆڕی (پزیشکی فریاکەوتن) و پسپۆڕییە جیاوازەکانی تر تەنها ئەوانەی بەر لەدەرچوونی ئەم ڕێنماییە ڕەزامەندییان هەیە بەپێی ئەم سیستەمە دەوام دەکەن لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن تا دیاریکردنی پسپۆڕییە پێویستەکان و پێوەرەکانی تایبەت بە وەرگرتنی پزیشکی تر لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن.

٣- کارمەندانی تەندروستی(پەرستاری زانکۆ- هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دبلۆمی باڵا، پەرستاری پەیمانگە-دبلۆم، یاریدەدەری تاقیگە– دەرچووی زانکۆ یان پەیمانگە، یاریدەدەری دەرمانساز- دەرچووی پەیمانگە، یاریدەدەری سڕکردن – دەرچووی پەیمانگە، یاریدەدەری چارەسەری سروشتی- دەرچووی پەیمانگا یان زانکۆ، وێنەگری تیشک – دەرچووی پەیمانگە و فیزیایی پزیشکی– دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی خوێن و شێرپەنجە.

**ماددەی (٣):** مەرجەکانی کارکردن بەپێی سیستەمی لەبری نۆڕینگە بریتین لە:

١- دەبێت دەوامی بەیانیانی پزیشک، جا هەمیشەیی بن یان تەنسیب، لە هەمان نەخۆشخانە و سەنتەر بێت کە ئێواران دەوامی تێدادەکەن.بەهەمان شێوە بۆکارمەندانی تەندروستی، جگە لە حاڵەتی نەبوونی میلاکی پێویست لە بەیانیان، دەکرێت کارمەندی تەندروستی لە نەخۆشخانەکانی تر بهێنرێت بەمەرجێ پێدانی ئەولەویەت بەکارمەندی ئەو نەخۆشخانە و سەنتەرانەی ئەم سیستەمە جێبەجێ دەکەن.

٢- نابێت نۆڕینگەی تایبەتی خۆیان هەبێت و لە هیچ نەخۆشخانە و سەنتەرێکی تایبەت کاربکەن وە پزیشکانی دەرمانساز نابێت بڕوانامەکانیان لە کەرتی تایبەت بەکاربهێنن.

٣- دەبێت لەبەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پەیوەندیدار (بەڵێننامە) پڕبکرێتەوە سەبارەت بە جێبەجێکردنی مەرجی خاڵی (٢) و پێشێڵ کردنی ئەم مەرجە دەبێتە هۆی دەرکردنیان لەم سیستەمە و وەرگرتنەوەی ئەو دەرماڵەیەی بەناوی لەبری نۆڕینگە وەریان گرتووە لە ماوەی پێشێڵ کردنەکە.

٤- دەبێت پزیشکان پشتگیری (سەندیکای پزیشکانی کوردستان) بهێنن بۆجێبەجێ کردنی مەرجی خاڵی(٢). بۆ کارمەندانی تری پزیشکی پشتگیری سەندیکای پەیوەندیدار بهێنرێت بۆ ئەم مەبەستە.

٥- دەبێت کاری پزیشک وکارمەندان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە نەخۆش هەبێت و ناکرێت بەبیانووی هەبوونی بەرپرسیاریەتی کارگێڕی یان هەر پاساوێکی تر کاری پسپۆڕی خۆی ئەنجام نەدات، بە پێچەوانەوە دەرماڵەی لە بری نۆڕینگە نایانگرێتەوە.

٦- دەبێت ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیان هەبێت دوای بەرزکردنەوەی میلاکی هەریەک لەونەخۆشخانە و سەنتەرانەی ئەو سیستەمە جێبەجێ دەکەن.

**ماددەی (٤):** کاتی دەوامی ڕۆژانە لە سیستەمی لەبری نۆڕینگە بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

١- لە نەخۆشخانەو سەنتەرەکانی شێرپەنجەو تالاسیمیا، دەوامی ئێوارانداو درێژکراوەی دەوامی بەیانیانە، بۆیە لە کاتژمێر (٨)ی بەیانی دەست پێدەکات و لەکاتژمێر (٥)ی ئێوارە کۆتایی دێت.

٢- لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن بەسیستەمی شەفت دەبێت، لە کاتژمێر (٨)ی بەیانی تا کاتژمێر (٤)ی ئێوارە، وە لە کاتژمێر (٤)ی ئێوارە تا کاتژمێر (١٢) شەو دەبێت.

٣- پابەند نەبوون بەکاتەکانی دەوام بەبێ پاساو پزیشک وکارمەندان دووچاری سزادەکاتەوە. دواکەوتن بۆ یەک کاتژمێر دەبێتە هۆی بڕینی دەرماڵەی ئەو کاتژمێرە، وە زیاتر لەو ماوەیەبە نەهاتوو هەژماردەکرێت و دەرماڵەی ئەو ڕۆژەیان لێدەبڕدرێت.

**ماددەی (٥):** ماوەی دەوام کردن هەفتانە لە سیستەم لەبری نۆڕینگە بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

١- تێکڕای ماوەی دەوام لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن (٤٠) کاتژمێر دەبێت.

٢- لە نەخۆشخانەو سەنتەرەکانی شێرپەنجەو تالاسیمیا (٤٥)کاتژمێر دەبێت بۆ پزیشکان جگە لە:

أ- پزیشک وکارمەندانی تەندروستی (بەشی گرتنەوەی دەرمان) بەهۆی مەترسی کارەکەیان نابێت لەهەفتەیەکدا زیاتر لە (٤) چوار ڕۆژ بۆ ماوەی زیاتر لە(٣٦) کاتژمێر کار بکەن، بەمەرجی ڕێکخستنی دەوامیان بەجۆرێک (٦) شەش ڕۆژی هەفتە بەشەکە کراوەبێت.

ب- پزیشک وکارمەندانی تەندروستی(بەشی تیشک)بەهۆی مەترسی کارەکەیان نابێت لەهەفتەیەکدا زیاتر لە (٣٥) کاتژمێر دەوام بکەن.

٣- کارمەندانی تەندروستی جگە لە پزیشک بەپێی خشتەیەکی ڕێکخراو هەفتانە (٤٥) کاتژمێر بەپێی پێویستی نەخۆشخانە دەوام دەکەن.

**ماددەی (٦):** دەوامی فەرمی پزیشکانی خاوەن پسپۆڕی فریاکەوتن وەک دەوامی ئاسایی پزیشکان دەبێت و ئێشکگری هەیە سەرەڕای خشتە دوای دەوام و ئەم خشتەیە ڕۆژانی هەینی و پشوو بەهەمان شێوە جێبەجێ دەکرێ لەژێر چاودێری و ڕێنمایی کارگێڕی نەخۆشخانە.

**ماددەی (٧): مۆڵەت لە سیستەمی لەبری نۆڕینگەبەم شێوەی خوارەوە دەبێت:**

١- هەر پزیشک و کارمەندێکی تەندروستی مافی وەرگرتنی (٢٢) بیست و دوو ڕۆژ مۆڵەتی هەیە لە ساڵێکدا بۆ هەموو جۆرە مۆڵەتەکانی (ئاسایی، نەخۆشی، بەشداری کۆنفرانسی زانستی) جا بەیەکەوە وەریبگرێت یان بە جیا،لەو ماوەیەدا دەرماڵەی لەبری نۆڕینگە خەرج دەکرێت.

٢- لەکاتی وەرگرتنی مۆڵەت لە دەرەوەی ئەو ماوەیە لەبەر هەر هۆکارێک بێت، دەرماڵەی ڕۆژانی ئەو مۆڵەتەی بۆ خەرج ناکرێت و پێویستە جێگرەوەیەکی بەهەمان پسپۆڕی بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان دیاری بکرێت لەلایەن بەرپرسی بەش یان کارگێڕی. لەم حاڵەتەدا دەرماڵەی لەبری نۆڕینگە بۆ جێگرەوەکەی خەرج دەکرێت.

٣- لەکاتی وەرگرتنی مۆڵەتی درێژخایەن لە دەوامی ئاسایی بەیانیان وەک مۆڵەتی (دایکایەتی، بێ مووچە) ئەو پزیشک و کارمەندانە ناتوانن لەم سیستەمە بەردەوام بن.لە حاڵەتی مۆڵەتی خوێندن نەخۆشخانە و سەنتەرەکان دەسەڵاتی ئەوەیان دەبێت کار بەو پزیشکە پسپۆڕانە بکەن کەلەخوێندن وەردەگیرێ بەپێی پێویستی بەپسپۆڕییەکانیان ،بەمەرجی وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتیتەندروستی پەیوەندیدار.

**ماددەی (٨): پشوو لە سیستەمی لەبری نۆڕینگە بەم شێوەی خوارەوەدەبێت:**

١- لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی شێرپەنجە و تالاسیمیا جگە لە ڕۆژانی هەینی یەک ڕۆژە لە هەفتەدا بەناجێگیری بەپێی خشتەی دیاری کراو لەهەر نەخۆشخانە و سەنتەرێک. واتە (٨) ڕۆژە لە مانگێکدا.

٢- لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن دوو ڕۆژی هەینی لە مانگێکدا لەگەڵ یەک ڕۆژی تر لەهەر هەفتەیەکدا، واتە (٦) ڕۆژ لە مانگێکدا.

**ماددەی (٩):** پزیشکانی خاوەن پسپۆڕیە دەگمەنەکانی وەک پسپۆڕی(نەخۆشیەکانی دڵ و ئیکۆ، سڕکردن،ڕۆماتیزم، چارەسەری سروشتی،تیشک و ئێم ئار ئای MRIوCT Scan،پسپۆڕی تاقیگە لەهەربوارێک بێت، هەرپسپۆڕیەتیەکی تری دەگمەن و پێویست)دەتوانن بەپێی ئەم سیستەمە دەوام بکەن بەشێوەی:

١- (فول تایم) ئەگەر میلاک یاخود تەنسیب بن لەنەخۆشخانە و سەنتەرەکانی شێرپەنجە و تالاسیمیا لەکاتی پێویست بەهەمان مەرجەکانی هاتوو لە ماددەی (سێیەم)ی ئەم ڕێنماییە.

٢- (پارت تایم) ئەگەر میلاکیان لەدەرەوەی نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی شێرپەنجە و تالاسیمیا بێت بەشێوەی گرێبەست بەمەرجی:

أ- لەکاتی پێویست بوون بە پسپۆڕییەکانیان گرێبەستیان لەگەڵ بکرێت.

ب- خەرجکردنی پارەی تەنها ئەو ڕۆژانەی لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکان دەوام دەکەن.

ت- دەوام نەکردنیان لە نۆڕینگە تایبەتی یاخود سەنتەر و نەخۆشخانە تایبەتیەکان لەو ڕۆژەدا.

ث- تێنەپەڕاندنی بودجەی سەنتەرەکە و دەرنەچوون لەچوارچێوەی تەرخانکراوی مانگانە وەلە چوارچێوەی ئەم ڕێنماییە وە سنوری پەیکەرو بودجەی پەسندکراو ، گۆڕانکاری لە ناویان لە دەسەڵاتی وەزارەتی تەندروستی دەبێت .

**ماددەی (١٠):** بەرپرسیاریەتی جێبەجێکردنی سیستەمی لەبری نۆڕینگە بەم شێوەی لەم ڕێنماییە هاتووە دەکەوێتە ئەستۆی:

١- بەڕێوەبەرەکان لەسەر ئاستی نەخۆشخانەو سەنتەرەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسی ڕاستەوخۆ و سەرۆک بەشەکان سەرەڕای کاری خۆیان. لەهەمانکاتدا نابێت بە بیانووی هەبوونی ئەم بەرپرسیاریەتیە یان هەر بەرپرسیاریەتیەکی تری کارگێڕی کاری پزیشکی پشتگوێ بخرێت، بەپێچەوانەوە شایەنی دەرماڵەی لەبڕی نۆڕینگە نابێت.

٢- لێژنەی تایبەتمەند لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان کە پێکدێت لە (سەرۆکی لێژنە،بەڕێوەبەری کارگێڕی ، بەڕێوەبەری ژمێریاری).سەرۆکی لێژنە پزیشکێک دەبێت کەخزمەتی فعلی لە پسپۆڕیەتیەکەی و خزمەتی لە چوارچێوەی ئەم سیستەمە لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

**ماددەی (١١):** دەبێت هەڵسەنگاندن بۆ پزیشک وکارمەندانی سیستەمی لەبری نۆڕینگە بکرێت هەر (٦) مانگ جارێک لەلایەن بەرپرسی ڕاستەوخۆ یان لەسەربنەمای فۆڕمێکی هەڵسەنگاندن کەدواتر لە سەربنەمای کۆمەڵێک پێوەری ئەکادیمی و ئیتیکی و کردەیی کە لە لایەن لێژنەی سەرپەرشتیاری ئەم سیستەمە لە سەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان دا دەنرێت ،لە سەر بنەمای ئەم هەڵسەنگاندنە لێژنەی سەرپەرشتی بڕیار لە سەر مانەوە یان دوورخستنەوەیان دەدات.

**ماددەی (١٢):** لەکاتی وازهێنان لە دەوامکردن بەپێی سیستەمی لەبری نۆڕینگە ،پێویستە پزیشک وکارمەندی تەندروستی بەلایەنی کەم (١٥) پازدە ڕۆژ پێشتر بەنوسراوێک لە ڕێگەی نەخۆشخانە و سەنتەرەکەی (لێژنەی سەرپەرشتی لەبری نۆڕینگە) ئاگاداربکاتەوە.دەکرێت ئەو پزیشکە یاخود کارمەندە تەندروستیە بگەڕێتەوە بەمەرجێ (٣) مانگ زیاتر تێپەڕنەبووبێ بەسەر ڕێکەوتی وازهێنانی،وە هیچ کەسێکی لە شوێنی دانەنرابێت.

**ماددەی (١٣):** میلاکی ئەو نەخۆشخانە و سەرنتەرانەی ئەم سیستەمە جێبەجێ دەکەن ساڵانە لەماوەی نێوان (١١/١تــا١١/٣٠) پێداچوونەوەی پێدەکرێت و ژمارەی پێویستی پزیشک و فەرمانبەریان بۆ دیاری دەکرێـت و بـوودجەیەکی سـاڵانەیان بـۆ دابـین دەکرێـت، لەسـەرەتای مـانگی (١٢) دەنێردرێـت بـۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەمەبەستی ڕەزامەنـدی وەرگـرتن. بەرپرسـیاریەتی ئەنجامـدانی ئەم پێــداچوونەوەیە و یەکخســتنی پەیــکەری کــارگێڕی ئەو نەخۆشــخانەو ســەنتەرانە دەکەوێــتە ئەسـتۆی لێـژنەی پێکهـاتووە بەپێـی بـرگەی (٢) لە مـاددەی (دەیەم)ی ئەم ڕێنمـاییە لەسـەر ئاسـتی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان لە هەر گۆڕانکاریەکی بە پەلە.

**مــاددەی (١٤):** جێبەجێکردنـــی ئەم سیســـتەمە لەهەر دامەزراوەیەکـــی تـــری تەندروســـتی جـــگە لە (نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی شێرپەنجە و تالاسیمیا) و (نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن) بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـران دەبێـت دوای داواکردنـی لەلایەن دامەزراوەکە و دیراسـەتکردنی لەلایەن لێژنەی سەرپەرشتیاری سیستەمی لە بری نۆرینگەی لە بەرێـوەبەرایەتی گشـتی تەندروسـتی پەیوەندیدار و بەرزکردنەوەی لە ڕێگەی وەزارەتی تەندروستی.

**ماددەی (١٥):** کارمەندانی ناتەندروستی (ئەندازیاری ئامێرەکـانی لینـاک، I T، فایـل و ئامـار، سکرتێر و پێشوازی) سودمەند دەبن لە بـودجەی پەسـندکراوی ئەم سیسـتەمە لە نەخۆشـخانە و سـەنتەرەکانی شێرپەنجە و تالاسیمیا، بەمەرجی دیاریکردنیان بە کەمترین ژمارە بەپێی پێویستی.

**ماددەی (١٦):** جگە لەم ڕێنماییە کار بەهیچ ڕێنماییەکی تر ناکرێت لە بواری سیستەمی لەبری نۆڕینگە.

**مــاددەی (١٧):** ئەم ڕێنمــاییە لە ڕێکەوتــی ٢٠٢١/١/١ جێبەجــێ دەکرێــت و لە ڕۆژنــامەی فەرمــی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە:٢٦٢٥ لە ٢٦/٤/ ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی(٥)ی لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠١٠، بڕیارماندا بە :

**ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**هەموارکردنی ڕێنمایی تایبەت بە دامەزراندن و مۆڵەت پێدانی پرۆژەکانی سامانی ماسی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣**

**یەکەم :** زیادکردنی (مەرجەکانی پرۆژەی بەرهەمهێنانی پەنجە ماسی ) لە ماددەی دووەم بڕگەی پێنجەم بەم شێوەیەی خوارەوە :

**مەرجەکانی پرۆژەی بەرهەمهێنانی پەنجە ماسی:-**

١- سەرچاوەی ئاوی پرۆژەکە دەکرێت بیری ئیرتوازی بێت .
٢- دووری (٢) کم لە سنوری شارەوانی پارێزگاکان و (١)کم لە سنوری قەزا و ناحیەکان و لە گوند (٢٠٠)م کەمتر نەبێت .
٣- دووری لە شەقامی گشتی (١٥٠)م و لە شەقامی لاوەکی (١٠٠)م کەمتر نەبێت .
٤- دووری پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی بە هەموو شێوەکانی (٢٠٠)م کەمتر نەبێت .
٥- دووری لە پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ (٢٠٠)م کەمتر نەبێت .
٦- دووری لە هێلی کارەبای پاڵەپەستۆی بەرز (١٠٠)م کەمتر نەبێت .

**دووەم :** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە .

**بێگەرد تاڵەبانی**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی فەرمان: ٢**

**مێژووی فەرمان: ٢٠٢١/٤/٢٠**

**فەرمان**

**ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

پشت بە بڕیاری ژمارە (٤) ی دەرچووی ڕۆژی ٢٠١٩/٣/١٢ ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق و حوکمی بڕگەی (سێیەم- چوارەم – پێنچەم ) لە ماددەی (٢٨) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ، بەڕێز (ڕاهی ڕەهبەر ابراهیم ) هە ڵبژێردرا بە بڕیاردەی لیژنەی ( کاروباری پەرلەمان و سکاڵا) .

**د. ڕێواز فایق حسێن**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

---

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٣ لە ٢٠٢١/٤/٢٠**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧) بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

١- هێنانەکایە (استحداث)کردنی هۆبەی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی لە ( کۆیە ، سۆران ، دەربەندیخان ، چەمچەماڵ) سەر بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی قەزاکان بەمەبەستی ڕاپەراندنی سەرجەم کارەکانی کەمئەندامان لە رووی داتا و دۆسیەی تایبەت و بەدواداچوونی کارەکانیان .

٢- ئەم بەیانە لە ڕیکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە روژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**کوێستان محمد عبداللە**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی نـاوخـۆ**

**ژمارە: ٧٨٦٧ لە ١٥/ ٤ / ٢٠٢١**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە یاسـای وەزارەتـی نـاوخۆ ژمـارە (٦)ی سـاڵی ٢٠٠٩ و ئامـاژە بە ڕێنماییمان تایبەت بە بەکارهێنان و سیستەمی غازی شـل LPG ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٢٠ کە لە ژمـارە (٢٤٨) ٢٠٢٠/٣/١ لە ڕۆژنـامەی وەقـایعی کوردسـتان بڵاوکـراوەتەوە ، بڕیارمانـدا بە دەرچوانـدنی ئەم بەیانە :

**بەیانی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢١**

**تایبەت بە پشکنینی تانکی غازی شل LPG**

**یەکەم :** وەرگرتنی کرێی پشـکنین ( اجـور الکشـف) بەرامـبەر بە پشـکنینی تـانکی غـازی شـل LPG لە لایەن لیژنەکـانی پشـکنینی پەیمـانگەی بەرگـری شارسـتانی بەمەبەسـتی دڵنیـابوون لە هەبـوونی ستاندارده جیهانییەکان بۆ دروستکردنی تانکی غازی شل LPG و مەرجەکانی سـەلامەتی گشـتی بەپێی ئەم بڕە پارانەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە :

| ژ | قەبارە بە لتر | بڕی کرێی پشکنین بە ژمارە (دینار) | بڕی کرێی پشکنین بە نووسین (دینار) |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٠٠٠ کەمتر | ١٥٠٠٠ | پازدە هەزار |
| ٢ | ١٠٠١ تا ٤٠٠٠ | ٢٠٠٠٠ | بیست هەزار |
| ٣ | ٤٠٠١ تا ٨٠٠٠ | ٣٠٠٠٠ | سی هەزار |
| ٤ | ٨٠٠١ تا ١٥٠٠٠ | ٥٠٠٠٠ | پەنجا هەزار |
| ٥ | ١٥٠٠١ تا ٢٥٠٠٠ | ٧٥٠٠٠ | حەفتاو پێنج هەزار |
| ٦ | ٢٥٠٠١ تا ٥٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | سەد هەزار |
| ٧ | ٥٠٠٠١ تا ١٠٠٠٠٠ | ٢٠٠٠٠٠ | دوو سەد هەزار |
| ٨ | ١٠٠٠٠١ تا ١٥٠٠٠٠ | ٣٠٠٠٠٠ | سێ سەد هەزار |
| ٩ | ١٥٠٠٠١ ا بەرەو سەرەوە | ٥٠٠٠٠٠ | پێنج سەد هەزار |

**دووەم :** بڕە پارەی وەرگیراو بەپێی خشتەی سەرەوە دەخرێتە سەر ئەژماری بـانکی ژمـارە (٤٢٧/ بـانکی دێدەوان) تایبەت بە کۆمپانیا ئەمنیەکان و ڕێگاپێدان .

**سێیەم :** تەرخان کردنی ڕێژەی (٣٠%) لە داهاتی وەرگیراو بەپێی خشتەی سەرەوە وەکـو پاداشـت بـۆ لیژنەکانی پشکنین بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ خەرج دەکرێت .

**چوارەم :** ئەم بەیـانە لە ڕۆژی دەرچـوونییەوە کـاری پێـدەکرێت و لە ڕۆژنـامەی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاو دەکرێتەوە .

**ڕێبەر أحمد**

**وەزیـری نـاوخـۆ**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٣٠٦٧ لە ٢٠٢١/٤/١٨**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ماددەی (١٧) برگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٠ ) وە بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە :

١- گۆرینی نووسینگەی قوشتەپە بۆ بانکی قوشتەپە .

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / برگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (هۆبەی تەندروستی هەرزەکاران) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٧.

**بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (هۆبەی تەندروستی هەرزەکاران) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٧.

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (هۆبەی تەندروستی هەرزەکاران) لەبەشی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دیوانی وەزارەت
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٧.

**بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (تاقیگەی PCR) بۆ پشکنینی نەخۆشیەکانی (Covid-19) لە نەخۆشخانە گشتی زاخۆ سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/١٥.

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی هۆبەی (چاودێری کردن و بەدواداچوونی دەرمان) لە بەشی دەرمان و پێداویستی پزیشک سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی٢٠٢١/٣/١٥.

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان ـ العراق**
**رقم القرار: ٣**
**تأريخ الأمر: ٢٠٢١/٤/٢١**

## قرار
## رقم (٣) لسنة ٢٠٢١

استناداً إلى أحكام الفقرة (ثانياً، رابعاً، خامساً) من الماده (٢٨) و المادة (٣٤) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق، قرر برلمان كوردستان بجلسته الاعتيادية رقم (٩) لدورته الانتخابية الخامسة والمنعقدة بتأريخ ٢٠٢١/٤/٢١، مايلي:

**أولاً:** قبول استقالة أعضاء برلمان كوردستان ـ العراق المدرجة أسماءهم ادناه من عضوية اللجان الاتية:

١- (زانا خالد سمايل) من عضوية لجنة (الشؤون الاجتماعية والدفاع عن حقوق الإنسان).
٢- (گلستان باقى سليمان) من عضوية لجنة (الزراعة والري).
٣- (ابوبكر عمر عبدالله) من عضوية لجنة (العلاقات و الجالية الكوردستانية).
٤- (سرچنار احمد محمود) من عضوية لجنة (البلديات والنقل والاتصالات و السياحة).
٥- (هلز احمد محمد) من عضوية لجنة (الزراعة والري).

**ثانياً:** إضافة أعضاء برلمان كوردستان ـ العراق المدرجة أسماءهم ادناه الى اللجان الاتية:

١- (هلكوت انور خليفه) الى لجنتي (الزراعة والري) و (النزاهة).
٢- (گولستان باقى سليمان) الى لجنة (الشؤون الاجتماعية والدفاع عن حقوق الإنسان).
٣- (صباح محمود محمد) الى لجنة (النزاهة).
٤- (هلز احمد محمد) الى لجنة (العلاقات و الجالية الكوردستانية).
٥- (ابوبكر عمر عبدالله) الى لجنة (البلديات والنقل والاتصالات و السياحة).

**ثالثاً:** ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره في ٢٠٢١/٤/٢١ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د.ريواز فايق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان ـ العراق**
**رقم أمر : ٢**
**تأريخ الأمر : ٢٠٢١/٣/٣١**

**أمـــر**
**رقم ( ٢ ) لسنة ٢٠٢١**

استناداً الـى قـرار برلمـان كوردسـتان – العـراق رقـم (٤) الصـادر بتـآريخ ٢٠١٩/٣/١٢ وحكـم الفقـرة (ثالثآ- رابعآ- خامسآ ) من المادة (٢٨) من النظام الداخلي للبرلمان ، انتخب السيد ( راهي رهبر ابراهيم ) مقررآ للجنة (شؤون البرلمان والشكاوي)

**د.ريواز فايق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**